ئەمە ئەو دیدارەیە کە زۆربەی رۆژنامە بە ناو سەربەخۆو ئەهلیەکانی سلێمانی نیانتوانی بڵاوی بکەنەوە و من لێرەدا لە سەر ئەوە نانووسم کە مەرجەکانی رۆژنامە سەربەخۆو بەرگری کردنی رۆژنامەوان لە رۆژنامەوان و سوێندەکانی رۆژنامەوانی ناکەم ، هەروەها باس لەوەی ئەگەر تەواوی کارەسات و بەڵگەکان بکەوێتە روو هەڵوێستی ئەو رۆژنامانە چیێ دەبێت لە بری گەیاندنی حەقیقەتەکان بە خەڵك ، ئەوە هەڵدەگرم بۆ وتارێکی تایبەت ، بەڵام جارێکی دی دیدارەکە بڵاو دەکەمەوە چونکە لە دوا پرسیاردا ناوی ئەو سیاسەتمەدارەی هێناومە بڵاو نەکراوەتەوە ، بە ئەمانەتیشەوە ئەڵێم کە بەرێز کاوان ئەبوبەکر " لەو مەسەلەیەدا پرسی بە خۆم کردوەو منیش وەکو رەچاوی باردۆخی ئەویێ گیانپارێزی بەرێزیان لابردنی ناوەکەم پەسەند کرد ، بەڵام وا جارێکی دی وەکو خۆی دەخرێتەوە بەر دەستی خوێنەر. (کازیوە ساڵح )

**کازیوە ساڵح :**

## قوسەیی و عودەیەکانی کورد , کوردستان و سلێمانیان پێ بە جێهێشتم.

**سازدانی : کاوان ئەبوبەکر**

ئیحراجترین هەلویست :ئەو هەلویستەیە کە بەر لە رۆشتنم" مام جەلال "گووتی " **هەر کەسیك لە نووسەر و هونەرەمەند و رەمزی میسری وعەرەبی ویستیان بینە کوردستان تۆ پییان بلی دەعوەتتان دەکەین** " وکەچی دوایی...

***ئەگەر چی ماوەیەکی ئەوەندە زۆر نیە هاتوەتە ناوەندەکەوە و لە ساڵی 1995 دا یەکەم بەرهەمی لە گۆڤاری سەرماوەزدا بڵاو کراوەتەوە ، بەڵام ناوێکی گەورەو دیار و پرشنگداری رۆژنامەنوسی و ئەدەبی کوردییە ، کازیوە ساڵح کچە نووسەر و رۆژناوانی کورد ،ئێستا لە وڵاتی کەنەدا دەژی و سەرقاڵی خوێندنە ،لە رێی ئەنتەرنێت و هەروەها لە پەیوەندێکی تەلەفۆنیدا توانیم بە سوپاسەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی لێ وەربگرم ،کە پرسیارەکان تا رادەیەک دوورە لە ناوەندی نووسین و ئەدەبەوە .***

پ / کازیوە سالح کییە ؟

و/ ئەو کچەیە هەست دەکات کۆمەلی هەڵە هەیە پیویستە راست بکریتەوە , ناشیرینی هەیە پیویستە جوان بکریت , نەشیاو هەیە پیویستە شیاو بکریت , بە پینووسیش شەری ئەو گۆرانکاریانە دەکات , بویە دژەکارانی شیاو و جوانی و راستی لە دەرەوەی خۆی وەکو تۆپەلە قوریك دەیشیلن و جۆرەها جیانەوەری لی دروست دەکەن جگە لە خۆی .



پ/ ئەو کەسانە کین کاریگەرییان لە سەر کەسایەتی کازیوە هەبووەو هەیە ؟

و/ هەموو نووسینیك , درامایەك , پارچە مۆسیقایەك , تابلۆیەك , تونی دەنگیك ,هەلویستیك کردەیەکی مرۆڤدۆستانەی لی بکەویتەوە و کاریگەری پۆزەتیڤی بۆ سەر گۆرانی کۆمەڵ و بەرژەوەندی مرۆڤ هەبوویبت , هەر پەنجەیەك پەردەی دروستکراوە ساختەکانی لادابیت بۆ دەرکەوتنی دادوەری و راستی کاریگەری پۆزەتیڤی لە سەر من هەبووە و دەبیت , دەکریت ئەوانەش لە کەسانی جیاواز و کەلچەر و ئایدیای جیاوازەوە بیت.

پ/ قسە و قسە لۆکی جۆرا و جۆر دەکریت لە سەر سەفەرکردنت , تۆ دەلییت چی؟

و/ دەمەویٚ وەلأمی ئەم پرسیارە زۆر بە روونی بدەمەوە .

1- هەندیٚ جار لە خۆم دەپرسم , ئەبیت یەکەم ژنە نووسەر , یەکەم ژنە هونەرمەند و دەرکەوتوو چ دەردیکی چەشتبیت , منیش لە نەوە بەشخوراوەکەم , وەکو زانراوە من سەرەتایی سالأنی پاش راپەرین هاتوومەتە نیو ناوەندی رۆشنبیری ,بۆ کەسانیکیش کە بە ئەزموون ئەو قۆناغەی نەبرییبت نازانیت ئەو قۆناغە بەدبەخترین قۆناغ بووە بۆ کەسانی وەکو من ,وە بە گشتی بۆ ئەو نەوەیەی من , چونکە لە ئیستادا خەلك تارادەیەك لە ئازادی و دیموکراسی و ماف ژن و ماف مرۆڤ و هەلەی حزبەکان گەشتوە , لە گەڵ ئەوەشدا باردۆخی ژن لە بەدبەخترین باردایە , ئەو کاتە زۆر خرابتریش بوو , قۆناغی سەر لیشیوانی پراکتیکی هەر دوو عەقلیەت و کەلتوری بەعس کە تارادەیەکی زۆر زیاتر لە ئیستا زاڵ بوو بە سەر کۆمەلدا و کەلتوور و زەپۆشی ئازادی و سەربەخۆیی کە تەنها بە ووشە ناوی دەبرا و پراکتیك دەکرا ,گویٚ لە مشت بوون بۆ حزبەکانیش تا رادەی بەدبەختی , کە هەرسیٚ فاکتەرەکە جۆرەها کاریگەری نەگەتیڤی بۆ سەر مرۆڤی کورد و رۆشنبیری کورد هەبوو بە گشتی , ژن / ئافرەت یشی کردبوو بە ئامرازیك لە ئەزمونگەیەکی بی پزیشکدا بە پیی عەقلیەتە جیاوازەکان و لە دەرەوەی خۆی تاقی کردنەوەی لە سەر دەکرا ,وەکو گووتم کەلتوور و عەقلی بەعس و غرور تینەگەشتن لە سەربەخۆی و دیموکراسی کورد کەرەستەی ئەو عەقلە بوون , پشتگیری لە قسەکەم بە چەند نموونەیەك دەکەم , کە دەکریٚ لە هەر کۆمەلیکیشدا هەندیٚ هەنگاو بۆ یەکەم جار هەلبگیریت کەسی هەنگاونەر زۆر بچەشیت , وەکو.

– کە یەکەم جار ئاشکرا بوو کە پەیمانگای رۆژنامەنووسی لە نیو پەیمانگای تەکنیکیدا لە سەر داوا و بە دوادا چوونی من بە هاوکاریکردن و جی بە جی کردنی لیپرسراوی دەزگای شەهیدان کە ئەو کات بەریز عبدالکریم حاجی بوو , ئەو بەشە کرایەوە و پەیمانی کردنەوەی بەشی راگەیاندنیشمان لە زانکۆدا وەرگرت , کاتیك ئەو حەقیقەتە ئاشکرا بوو لە بری دەست خۆشی هەندی سازشکاری رۆژنامە حزبیەکان نەك حەقیقەتەکانیان بلأو نەکردەوە بەلکو هیرشیشیان دەکردە سەرم , بەلأم ئایە ئەو بەشە بۆ من بوو لە قازانجی من بوو یان ئەو سەدان لاو و رۆژنامەنووسەی لەو بەشەدا تا ئیستا بوون بە خاوەنی بروانامە و لە داهاتوودا دەبن , بەلأم لە ناو ئیمەدا ریزی خۆشەویستی رۆشنبیران بۆ خەلك ناگیریت.پییان خۆشە تەنها دەسەلأتدار و سیاسەتمەدارەکان هەنگاویکیان بۆ بنیت .



– كە یەكەم جار گۆڤارەكەم بە چاپ گەیاند هەر ناوەندە رۆشنبیریەكە هالەیەكیان دروست كردبوو چۆن ئەمەی پیدەكریت ؟ئەوە توانای ژنی كورد نیە و...هتد.بەلآم ئیستا چەندین مینەی تر ئەو رەوتەیان گرتوە و لەوانەیە تووشی ئەو گیچەلەش نەبن , چونكە خەلك راهات بەوەی ژنی كورد وەكو پیاو توانای كاری رۆژنامەگەری هەیە

–بۆیەكەم جار لیكۆلینەوەیەكمان لە سەر بە جیهانی بون بلآو كردەوە پییان گووتم تۆ شیتی خۆشت نازانیت چی دەكەیت , "عولمە " هیچ پەیوەندیكی بە كورد و جیهانی كوردییەوە نیە , بەلآم دوایش بە دەیان لاو و رۆشنبیر لیكۆلینەوە و بابەتیان لە سەر بە جیهان بوون بلآو كردەوە ئیتر لە شیتی دەرچوو. دیارە كە ئۆفیسیشم كردەوە تووشی هەمان كیشە بوومەوە , سەفەركردنیشم بیگومان هەمان دۆخی خولقاندوە چونكە وەكو شتەكانی دی یەكەم كچ بووم ئەو هەنگاوەشم هەلهیناوە پاش راپەرین , بۆیە ئاساییە وەكو هەنگاوەكانی دی كە خەلك پیی رانەهاتوە لە ناو كۆمەلیكی دواكەوتوودا هەندی پرس بخولقینیت , بەلآم ئایە ئەوانەی باسم كرد كۆمەلّ دەیخولقاند یان دەستیكی رەشیشی لە پشتەوە بوو بە تایبەت سەبارەت بە سەفەرەكەم ؟؟ ئەوەیان وەلآم لای خۆمە و ئەلیم بەلی دەستی رەش هەمیشە لە سەر هەموو هەنگاویكم بووە, تەنها بە هۆی یەك تاوانیش , ئەوەیە كە هەمیشە گوتومە و دەلیم ژن پیویستە بلی " بەلی ژنم , لە تۆ بە توانا ترم دژە منی مرۆڤ , تەنها جەستە بینی من, خاوەنی بیرو هۆش و هۆشمەندیم و هەموویان دەخەمە كار و ناهیلم كەلپەی تۆشم پی بگات " ئەمە كفریەكی گەورەیە لای خویندكارەكانی بەعس , باوەر ناكەم ئەگەر لە ناوچە و شارەكانی دی ئەمە ئاشكرا نەبیت لە ناو سلیمانیدا هەموو كەسیك بەو حەقیقەتە تالەی نەزانییبیت

–2 پیم وانیە خەلكی سلیمانی نەزانن من قوسەی و عودەیەكانی كورد , كوردستان و سلیمانیان پیّ بە جیّ هیشتم , بەو هەموو فشارە ناشیرین و نەشیاوەی خرابووە سەرم , ساویلكانەش نەبوو بەر لەوەی بە جییّ بهیلم لە دیداریكدا گووتم " من وولآتم بە جیّ ناهیلم وولآت منی بە جیهیشتوە " , دەمزانی شانۆگەریك هەیە لە بەردەمی خەلكدا نمایش دەكریت , بۆ ئەوەی لە غەرییبیمدا ئەگەر ویستەكانیان جیّ بە جیّ نەكرا , ئەوان پیچەوانەكەی بكەن , هەر بۆیە ئەو لەو دیدارەدا ئەو قسەیەم كرد بۆ ئەوەی خەلك بزانیت كە شانۆگەریەك هەیە.

3- من پيم خۆش نەبووە كوردستان بە جێ بهيلم هەر لە بەر ئەوەش بووە , زۆر كەسايەتی نيو ناوەندی سياسيم لەو فشارە پۆخلەيە كە خرابووە سەرم ئاگادار كردوەتەوە , زياتر خۆم بە مەبەست ئەوانەی خەلكی سليمانيم ئاگادار دەكردەوە چونكە سليمانی لە هيمای پيشكەوتنەوە ئيستا بووە بە هيمای سوكايەتی كردن بە ژن منيش پيم خۆش بوو بزانم رەمزەكانی سليمانی چييان پيدەكريت بۆ ئەوەی كوردستان بە جێ نەهيلم لەوانەش كە ئاگادارن بەريزان ( نەوشيروان مستەفا , عومەر فەتاح, ملازم عومەر , رووناك رووف , محمد رەحيم تۆفيق ) هەروەها عەدنان موفتی, جگە لە كۆمەلی خەلكی ناوەندە رۆشنبيريەكە , گوايە من بۆچی ئەوانەم ئاگادار كردوەتەوە بۆ ئەوەی كوردستان بە جێ بهيلم ؟! يان بۆ ئەوەی چارەسەريان بۆ ئەو هەموو بێ ئابرۆيەتێ هەبيت كە عودەی و قوسەيەكانيان دەيانەوێ بە زۆر بە سەر خەلكدا بيسەپينن ؟؟!.

4- كە كوردستانم بە جێ هيشت , هەمان قوسەی و عودەی كوردی ئەمجارە هەندێ عەرەبيشيان بە كرێ گرتبوو , كە ئەوەی لە كوردستاندا بۆيان جێ بە جێ نەكراوە لەوێ بيكەن , كە نەيانتوانی ئەو مەبەستەش بپيكن دەستيان كرد بە ئيستراد و تصدير كردنی جۆرەها قسەو قسە لۆك بەو مەبەستەی ئەگەر توانيان وەكو چۆن چەندين نووسەريان لەناوبرد و پلانی لە ناوبردنی چەندينی تريش ئيستا ئاشكرا دەبيت و لە سايتەكانی دەرەوەی كوردستان بلاو دەكريتەوە, ئەوە لە گەل منيش ئەنجام بدەن چونكە خالی لاوازی ئابروبەريان ژير دەست كەوتوە , ديارە بۆ ژن هەمووان دەزانن بە ئاكام ئاقاردا كاردەكەن , بەو تاوانەی گوايە كاركردنی من لەوان زياترە و هەروەها بۆ پۆستيك ليرە هەلبژيردرابووم , بۆيە چۆن لە مەجليسی حوكمدا عەرەبيكيان بە باشتر زانی لە ژنيكی كوردی سەربەخۆ هەمان كردوە كرايەوە عەرەبيكی بەعسيان پی باشتر بوو لە من , ناشيرينترين پەلەی رەشيان دا بە نيوچەوانی خۆيان و ميژووياندا كە نامەوێ ليرەدا هەمووی باس بكەم , بۆيە ئەوانە تا ئيستاش بە دوای لە ناوچوونی كيانی منەوەن بە هەموو ريگاكان , جا خەلكيك خاوەنی ئەو ميژووە بيت ئاساييە كۆمەلە جاشيك دروست بكات بۆ جۆرە تيرورەكانی تر و هيندە خەلك بە نەفام بزانيت وابزانيت پييان دەخەلەتيت و ناتوانن كەسيك بناسنەوە كە ناسكترين قوناغەكانی ژيانی لەو شارەدا تيپەراندوەو لەو ناوەندەدا گەورە بووە.

- ئەو هاوارەی كازيوە دەيكرد و لە گۆڤاری نقاردا 20 لاپەرەی لە سەر دەنووسی لە سالی 1998و لە رۆژنامەی سپيدەدا لە 2001 دا بانگی دەكردن بينە سەر رووی رۆژنامەكان چەكی من پينووسە و ئەگەر جەسوورن فەرموون بينە سەنگەرم با نرخی خۆيان بدەمێ , ئەوە هاواری كەسيك نيە هيندە متمانەی بە خۆی نەبيت نەزانيت گەرچی خۆشی تەنها و بێ پشت بيت تاجی درۆيان ناروخينيت, ئەوە پرۆسەی ئەمرۆ لە سليمانيدا بە سەر خەلكدا پراكتيك دەكريت كازيوە دەميكە هاواری بۆ كردوە و ئەليت پرۆسەيەكی وا بۆ ئيوەش بە ريوەيە , بەلام پيدەچيت خۆيندەواری ئيكسپايەر بووبيت هەربۆيە كازيوەيەك لە تەمەنيكی زۆر منالدا هاتە ناو ناوەندەكە , لە ناوياندا گەورە بوو , لە زۆر نووسين و ديداردا هاواری بێ ئابروويەت و هەبوونی هەمان سيتمی قوسەی و عودی كردوە نەك هەر لە هاوارەكانی تينەگەشتوون ,بە داخەوە ئيستا گەشتوە بە ئاستيك كچەكانيان بە دەستە لە خويندنگەكاندا ئيغتصاب بكريت , كچی ناوچەكە پاش سەرهەلگرتنيش بەرەفينريت , بە دەستی ژنان ببريت بۆ سياسەتمەداران و پياوی ئەو شارە ژنی بە زۆر پی تەلاق بدريت بۆ ليپرسراو, فايلدار بەريوە بەريت و

ئەگەر پاکی تیدا مابیت فایلی بۆ دروست بکریت و...و...و نارزانم ئیتر بە چ زمانیك خەلك تیدەگات لە گەڵ ئەوەی هەمیشە لە دەربریندا راشکاوبووم یان وەکو سازشکارەکان ئەلین رەق بووم , بەلآم ئیتر لەوە زیاتریش راشکاوی و تینەگەشتنی بەرامبەریش دەچیتە خانەی ئیفلاسی رۆشنبیری و تینەکەشتنەوە.کە دلنیام هەموو کەسیش درکی بەو راستیانە کردوە , بەلآم لە هەموو سەردەمیکدا خەلك بە سەر کوت کردن بیّ دەنگ دەبیت.

پ/ عاشق بوویت ( مەبەستم عەشقی پیاو ) , دەکریت باسی یەکەم و خۆشەویستیمان بۆ بکەیت ؟.

و/ من ئەکتەری هۆلیۆد نیم ئەم پرسیارەم لیبکریت , پیشتر وەلامی پرسیاری لەو جۆرەم نەداوەتەوە , بەلآم دەزانم هەوڵ دەدریت ئەو هەوالآنەی لە سەر ئەکتەرەکان هۆلیود دەبیستریت لە لایەن چەتەکانی کەرامەتی ژنەوە بۆ خەلك بنیریتە دەرەوە بۆیە بە راشکاوی زمانیکی ساکار وەلآمی سەرجەم پرسیارەکانتان دەدەمەوە .

عەشق لای من هەرەمەکی نیە , من باوەرم بە خۆشەویستی نیە بە بیّ هاوسەریتی و باوەرم بە هاوسەریش نیە بە بی خۆشەویستی , هیشتا نەگەشتووم بە هاوکیشەی کۆکەرەوەی هەردوو لایەن بیت ...ئەو کاتەی عاشق دەبم ئەو کاتەیە کەو هاوسەریەتیم کردوە , کە ئەوەش بوو باوەرناکەم بلآو نەکریتەوە , هەروەها من بۆ هەموو هەنگاویکی ژیانم پلانی خۆمم هەبوەو هەیە ئەو پلانەش بۆ مەسەلە رۆحیەکانی خۆمم داناوە هیشتا چەند مانگیکی ماوە کۆتایی بیت هەتا بیر لەو مەسەلانە بکەمەوە.

پ / ئیستا لە هەندەران هەست بە چی دەکەیت ؟؟

و / کە مرۆڤ لە مەنفادا دەبیت هەست بە زۆر قەیرانی جیاواز دەکات بە پیّی ئەو بارودۆخانەی کە لە دەرەوەی ئیمەی مەنفی روودەدەن , بۆ نموونە مرۆڤ زۆر جار تووشی قەیرانی رۆحی دەبیت لە نیو ئەو بۆشایەی نیوان سۆزی ئەو وولآتانە بۆ ئیمەی پەنابەر و سۆزی ئیمە بۆ وولآتی خۆمان و ئەو دەستە رەشانەی ناوخۆ کە هیندە ئەو سۆزانە و ئەو وولآتە بالایە کە نیشتمانی ناتیڤی خۆمانە ناشیرین دەکەن , هەندیّ جار بە هۆی سازش و هەلویستی بچووکی هەندیّ لە سیاسەتمەدارەکان تووشی شۆك دەبین کە زۆر بیّ نرخ نیشتمانیك دەگۆرنەوە و ئەوەش لە ناوخۆدا وەکو دەر ەوە بە ئاشکرا نابینریت , جاری دیکەش مرۆڤ کە بەراوردی زۆر کاری مرۆیی دەکات کە لەویّ بۆ مرۆڤ دابین کراوە بە شیوەیەکی دی مرۆڤیك چەند پەکەوتەو بیّ کەسیش بیت حکومەت دەبیت بە کەس و لانە و خزمەتگوزار بۆی پیّی خۆش دەبیت هەموو بیّ کەس و لانە و لیّ قەوماو و پەراویزخراوەکانی وولآتی خۆی بگۆیزیتەوە بۆ ئیرە , بە گشتی لە کۆڵ گرتنی غەمی غوربەت هەگبەیەکی ئیجگار قورسە.

پ / هەست دەکەیت بەردیکت خستبیتە سەر بەردیك لە بوارەکانی نووسین و چیرۆك و رۆژنامەگەریدا ؟.

و / مرۆڤیکم حەز دەکەم کارەگرانەکان تاقی بکەمەوە و زۆر جاریش بەو هۆیەوە ژیان کەوتوەتە رسکەوە , هەر بۆیە لە بواری رۆشنبیریشدا هەر خانە قورسەکانم هەلبژاردوە , ئەگەر سەیری هەرسی بوارەکەی ئەدەب و نووسین و رۆژنامەگەری بکەین بە شیوەیەکی ئەکادیمی بۆمان دەردەکەویت کە لە بواری ئەدەبدا کورتە چیرۆك لە فاکتەرەکان و بوارەکانی تر ئەدەب قورسترە , هەر بۆیە کورتەچیرۆکم هەلبژاردوە , وە راستە لە ولآتی خۆمدا غەدری گەورە لە خۆم و بەرهەمەکانم کرا , بەلآم هەموان

دەزان کە  تا ئیستا تەنها دوو چیرۆکم وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئیتالیی و تەنها دوو جاریش لە قیستڤالەکانی دەرەوە بەشداریم کردوە هەردوو جارەکە خەلاتم وەرگرتوە , لە خانەکانی تری نووسیندا لیکۆلینەوەم هەلبژاردوە , زۆر لیکۆلینەوە و نووسین دەبینم بابەتەکانمان کراوە بە سەر چاوە( هەندیکی ئاماژەی پێ دەکریت , زۆریشی دەبینینەوە ئاماژەی پێ نەکراوە )ئەوەش واتای ئەوەیە شتیکی باشی تیدایە بۆیە کراوە بە سەر چاوە , بواری رۆژنامەگەریش چاوپیکەوتن لە بوارەکانی تر قورستر و گرنگترە چونکە پیویستە کەسیی



ئەنجام دەر ئاستی رۆشنبیری لە هەموو بوارەکان  و لباقەی قسەکردنی ئەگەر بەرزتر نەبوو لە ئاستی ئەو کەسانەدا بیت دیدارەکانیان لە گەلدا ئەنجام دەدات, واتە رۆشنبیریەکی هەمە لایەنەی هەبیت, پیم وابیت ئەوەش دەزانن , چەندین چاوپیکەوتنی دریژ تان خۆیندوەتەوە کە ئەنجامماندواە لە بوارە فکری و ئەدەبی و هونەری و ژنان و سیاسی و میژووی و ....تادا , هەر کەسانی دویندراو خۆیان دانیان بە گرنگی بابەتەکەناوە لە دیدارەکاندا .

دوای ئەگەر بۆ میژووی گۆڤاری نڤار و کارکردنی من بگەریتەوە کە هەندیکم باس کرد نامەوێ دووبارە بکەمەوە , هەروەها کارکردنم لە دەرەوە کە هانی زۆر ژنی دابوو بۆ سەفەرکردن بە رادەیەك لیپسراوی هەندێ لە نووسینگە کوردیەکانی شام زۆر جار پییان دەگووتم تۆ کیشەت بۆ ئیمە دروست کردوە چونکە پاش سەفەری تۆ کچانی ناو حزبەکەمان داوای (دخولیەمان )لیدەکەن و دەیانەوی بینە سوریا و ...تاد جگە لەو هەولانەی کە بۆ یەکەم جار لە لایەن منەوە درا بۆ بەشداری کورد وەکو هونەر و ماف مرۆڤ ...و .. لە ناو کوردستاندا دەسەلاتداران لە باریان بردوو جێبەجێ یان نەکرد و ئەو مافەیان بە کورد نەبەخشی , هەروەها بەشداری خۆشم لە نیو زۆر چالاکی نیو دەولەتی سەرجەم ئەوانە پیویستە بیسەلمینن کە شتیکمان بە شتیك کردوە گەرچی لە ئاستی خواستەکانی خۆشماندا نەبیت .

پ / بە گشتی رۆژنامەگەری ئیستای کوردی لە چ ئاستیکدایە و چۆن هەلیدەسەنگینیت ؟ .و /  ئەگەر بەراوردی نیوان میژووی  رۆنامەگەری کوردی 1898 و رۆژنامەگەری لوبنانی 1858بکەیین...لەو سۆنگەیەوە کە بە پێی میژوو جیاوازیەکی زۆر گەورەیان نیە بەلام بە پیی ناوەرۆك جیاوازییەکی ئیجگار گەورەی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە لوبناندا رۆژنامە زیاتر لە دەسەلات ئەو ولاتە دەیات بە ریوە , دەسەلاتی رۆژنامەگەری سزا و چاودیری دەسەلاتەکانی تردەکات ,  گەورەترین دەزگاکانی راگەیاندنی سەرجەم نیشتمانی عەرەبیش لە میسرەوە هەتا وولاتانی کەنداو و وولاتانی دی عەرەبی یەکەم جار کەسی لوبنانی سەرنووسەری رۆژنامەکانیان بووە و رۆژنامەی بۆ دامەزراندووە , من کە ماوەیەکی کەم لەو وولاتەدا بووم بینیم چۆن سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسا

لوبنانی به گژ دەزگاکانی ئاسایشی ئەو وولاتەدا دەچیت  لە پیناوی رۆژنامەنووسان و شەرەڤ رۆژنامەنووسیدا ,بینیم چەند ئەوانیش سڵ لە گەورەی ئەو مرۆڤە مەزنە دەکەنەوە , کە ئەندامەکانی لەشی لە زینداندا لە پیناوی ئازادی رۆژنامەنووسی بەخت کردوە ئەو کەسانی وەکو ئەو رۆژنامەنووسی لوبنانیان گەیاند بەو ئاستە بەرزە  و دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی ئاسایش زیاتر , واتە تەواو پیچەوانەی رۆژنامەگەری کوردی کە  لیپسراوی دەزگا ئەمنیەکان وئاسایش بەریوەی دەبرد ( نازانم ئیستا بەرەوکوێ براوە ) بە داخەوە رۆژنامەگەری  کوردیش وەکو هەموو شتەکانی تری ئەو نیشتمانە قۆرخکراوەتەوە داگیرکراوە لە لایەن حزب و تەکتولی حزبیەوە و هەتا ئیستا نەتوانراوە ماف بە رۆژنامەنووس و رۆژنامەگەری بدریت و لە بیری تاریك و تەسکی حزبایەتی و بەرژەوەندی دەسەڵات دەربهینریت , جگە لە زۆر کەمی رۆژنامەنووسی بێ لایەن و جەسوور , هەر ئەوەش وایکردوەبە ئاسانی هەموو دەست دریژییەك بکریتە سەر رۆژنامەنووسان , بەڵام لە گەڵ هەموو ئەو کەم و کوری و تۆقاندنانەشدا ,لە ئیستادا دەبینم هەندێ رۆژنامە کە گرۆپی لاوان و کەسانی دی بێ لایەن دەیبەن بەریوە ئەو بروسکە ئاواتەیان تیدا دەرکەوتوە کە بە راستی ببن بە هەوینی دروست بوونی رۆژنامەی ئەهلی راستەقینە , چونکە هەتا ئیستاش ئەوەی کە هەیە ناتوانریت پیی بگووتریت ئازادی رۆژنامەی ئەهلی , ئەوان خۆیان لە زۆر لایەن و شتی زەق بواردوە کە دەیبینن و پیویستە باسی بکەن چونکە رۆژنامە ئەهلین ,گەرچی رۆژنامەکەشیان پیدابخەن یان زیندان بکرین , چونکە وەکو یەکەم هەفتە بوو دەستم بە کاری رۆژنامەگەری کرد گووتم ئازادی رۆژنامەنووسی وەکو ئازادی ژن وایە نادریت بە زۆر وەردەگیریت , جا رۆنامەنووسی کورد لەم قۆناغەدا  وەکو خەباتی ژن  ,خەبات و چەوساندنەوەیان لە بەردەمدا ماوە بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجی رۆژنامەگەری بە شیوەی راست و دروست , هەروەها پیدەچیت لە یاساشدا هەندێ گۆرانکاری بچووك کرابیت , یان عەقلی بەریوە بردنەکان گۆرابیت !کاتیك من مۆلەتی گۆڤارەکەمم وەرگرت خاوەنی ئیمتیازیان نەدا بە خۆم کە لە هەموو جیهاندا ئاساییە وەزیری رۆشنبیری  پیی گووتم:( دەبیت خاوەنی ئیمتیازەکەت شەخصیکی مەعنەوی و مادی بیت ) , لە ئیستادا ناگرێ باس لەو رستە پیکەنین هینەرە بکەم چونکە ووتاریکی دەویت , بەڵام ئیستا دەبینم خەلکانی ئاسایی دەرەوەی ئەو مادی و مەعنەوێ ی ئەوان باسیان دەکرد کە لیپرسراوی دەگرتەوە, مۆلەتی رۆژنامە و گۆڤاریان دەرهیناوە بوون بە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەریش , ئەمانە هەندێ گۆرانکاری زۆر ساکارن لە سالی 2001 تا ئیستا روویداوە , لە گەڵ ئەوەی کە زۆر ساکارن , بەڵام دلنیام هەولی لە باربردن و ئازاردان و زیندان و راوەدونانی خاوەنی ئەو بروسکانەش دەدریت لە داهاتوودا , بەڵام گرنگ ئەوەیە لەو هەولە ساردنەبنەوە و بزانن ئیستا بارودۆخ بۆ ئەوان زۆر لە بارترە لایەنی کەم لە ئیستادا ئینتەرنیت گەشتوە بە کوردستان و وەکو رابردوو تەنها لە دەستی دەزگا حزبیەکاندا نیە , دەتوانن دەنگیان بگەیەنن بە رای گشتی.

س/  ئایە  هۆکاری نەگەرانەوەی ئەو بیرمەند و رۆشنبیرانەی هەنەدران چی یە ؟ بە نیاز نیت بۆ هەمیشە بگەریتەوە کوردستان ؟

و/  دیارە دیاردەی کۆچ زۆری لە سەر گوتراوە و تەنانەت خەلکانی تاراوگەش خۆیان لیکۆلینەوەی فکری  و فەلسەفی  و بارودۆخی نالەبار و ئابوری و سیاسی و کەلتوری جیاوازیان دەربارە خستوەتە روو , بەلام من دەمەوێ زۆر بە روونی حەقیقەتیکی تریش بلیم کە نەخراوەتە روو , زۆر لە بیرمەندان و

رۆشنبیرانیش دانیان پیدا ناوه بەڵام کەمیان لە سەریان نووسیوه ,ئەویش ئەوەیە زۆرتری و بیرمەند و رۆشنبیری کورد پاش راپەرین کۆچیان هەڵبژاردوه و دروستره بلیم وولاتی پی بە جیهیلراوه , وه ناگەرینەوه چونکە زۆربەیان لە سەنگی خۆیدا کۆمەلی خیانەتی گەوره کە بەرانبەری کراوه وەکو ئەوەی کازیوەی لە دلی خۆیدا حەشار داوه و لیرەوه بە خاتری سۆز بۆ نیشتمان و بەرژەوەندی نەتەوەی و کۆمەلی هۆکاری تر بیدەنگیان لی کردوه و هەر بە بێ دەنگیش گەرانەوەی یەکجاریان تەلاق داوه لە گەڵ ئەوەی فرمیسکی سۆز بۆ نیشتمانیان درژن و جاریکی دی چاوەروانی راپەرینن , هەروەها هەتا ئیستا دەسەلاتی بەریوه بردنی کوردستان نەیتوانیوه لە ئاستی خواست و ئاواتەکانی مرۆڤی کوردا بیت و متمانەیان پێی ببەخشیت کە میژوو خۆی دووباره ناکاتەوەو ئەوانیش دەتوانن ئەگەر گەرانەوه بە ئارامی بێ چەوساندنەوه بژین.

وابزانم ئەوەی دیرەکانی پیشووم بخوینیتەوه دەزانیت کە کۆلی ئەو نیشتمانە ئەو برینانەی پێ هەلناگیریت , دەزانیت ئەو نیشتمانە بستێ خاکیان تیا نەهیشتۆوەتەوه بە پاکی بۆ ئەوەی خەلکی رۆشنبیر و بیرمەندی بە کەرامەتەوه تیدا بژی , دلنیاشم ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیران و لاوان گەر هەلیان بۆ برەخسیت بە جیی دەهیلن ( کۆمەڵی نامەی زۆرم پیدەگات لە رۆشنبیران و لاوانەوه کە دان بەو راستیدا دەنین ) , ئیتر گەرانەوه بۆ کوێ ؟؟ بەلام پیشتریش لە دیداری تردا گووتومە ئەگەر هەر بەشیك لە بەشەکانی تری کوردستان ئازاد بکریت و حوکمی بەعسی ئاسای تیدا نەکریت لەوێ دەژیم ..من رۆژیك ژیانی کوردستان بە هیچ بەهەشتیکی هەندەران نادەم , بەلام بە داخەوه لە هەموو سەردەمیکدا کۆمەلیك لە ولاتی خۆیاندا جیگایان نابیتەوه .

س/ لە غەریبیدا چۆن کات بە سەر دەبەیت و لە گەڵ کیدا ژیان بە سەر دەبەیت ؟.

و / پشتر لە سوریا و ئیستاش لیره هەر لە گەڵ دوو برام ژیانم بە سەر بردوه و دەبەم , رۆژانەش بەیانیان سەرقالی خۆیندنم و کاتی ئیوارانیشم دوو رۆژ بۆ کارو( واتە بۆ بژیوی ژیان کاری ژمیریار دەکەم ) و رۆژەکانی دیم بۆ مەسەلەی مافی مرۆڤ و مافی منالان و رۆژیکیش بە خۆبەخش کار بۆ مافی پیران دەکەم لە یەکیك لەو دەزگانە کە رینمای و هاوکاری کەسانی پیرو پەککەوتە دەکات و مافەکانیان دەستەبەر دەکات.

س/ حەزت لە چ خواردنیکە و ئیستا لە هەندەران ئەو جۆره خواردنە دەخۆیت ؟.

و/ بە هەموو خواردنیك تیرم و زۆر بایەخ بە خواردن نادەم , وه لە بەر ئەوەی خواردنم زیاتر رووەکیە لیره کیشەیەکم نیە , چونکە سەرجەم خواردنە رووەکیەکانی جیهان لیره هەیە.

س/ سیفەتەکانی( فارس الاحلام ) ی کازیوه چیە و دەبیت چۆن بیت ؟

و/ خەونی کازیوه ئەو کەسانە نین خاوەنی کۆشك و تەلار و ناوی گەوره و پۆستی بەرز ن , وابزانم گەشتن بەوانە ئاسانە , بەلام ئایە شیاون؟ من ئەو مرۆڤەم گەورەترین موعانتم لە کۆڵ گرتوه بۆ ئەوەی خۆم لە کەڵپەی چەتەکانی نیشتمان بپاریزم , بۆیە شاسواری خەونەکانم مرۆڤیکی ساکاره کە شیاوی ئەو موعانات و ماندووبوونەی من بیت .

س/ چ رەنگیت بە لاوه جوانە ؟

و / رەنگی پەسەندم پەمەییە.

س/ لە چ کاتیکدا دەنووسیت ؟!

و/ ئەو کاتەی بابەتیك , موعاناتیك دەمنووسیتەوە دەنووسم , ئەو کاتەش دەسنیشانکراو نیە, دەکرێ لە هەموو کاتیکدا و لە هیچ کاتیکدا بیت .

س/ چەند ووڵاتت بینیوە ؟

و/ پینج ووڵاتم بینیوە , دیارە ئەگەر لیپرسراوی پەیوەندی کوردی _ عەرەبیەکانی ناوچەی سلیمانی لە دیمەشق تەگەرەی نەخستایەتە کارەکانم بە راپۆرت نووسین گوایە من لە ووڵاتی خۆمدا نووسەر و رۆژنامەنووس نیم و کازیوە ناوی خەلکی ترە دزیومە و مادام کار بۆ ئەوان ناکەم ئەوان رازی نین ئەو ووڵاتانە فیزەم بدەنێ و...و .هەندێ شتی تر نامەوێ لە ئیستادا ئاماژەی پی بکەم , سەرجەم ووڵاتانی عەرەبی تر و یابانیشم دەبینی چونکە لە هەموو ووڵاتیکدا پەیوەندیم بە دەزگایەکی رۆشنبیرییەوە کردبوو , وە دەعوەتم بۆ کرابوو , بەڵام دیارە هەر لە چاوپیکەوتنەکانی ئەو کاتەشدا باسم کردبوو کە کۆمەلیك سیاسی کورد لە دەرەوە چەند بچوکن و چۆن هیندەی بچوکی خۆیان نەتەوە و تاکەکانی کورد بچووك دەکەنەوە.

س/ بە چی پەست دەبیت و بە پیچەوانەوە چی دلت خۆش دەکات ؟؟

و/ کە دادوەری , ویژدانی زیندوو , داهینانی گەورە, ئاوردانەوە لە کورد , هەلویستی جوان , مناڵ دەبینم بەختەوەر دەبم ,وە کەئازاردانی مناڵ , سازش , بێ بایەخ کردنی ئەنفال و هەلەبجە , بە گەمژە سەیرکردنی خەلك لە لایەن سیاسەتمەدارەکانەوە , ژنی بێ ئیرادە , قوربانی کردنی شتە مرۆیەکان لە پیناوی شتە مادیەکاندا و فیلمی ئاکشن دەبینم پەست دەبم .

س / ئیحراجترین مەوقیف؟

و / ئەو هەلویستەیە کە بەر لە رۆشتنم" مام جەلال "گووتی هەر کەسیك لە نووسەر و هونەرمەند و رەمزی میسری ویستیان بینە کوردستان تۆ پییان بلی دەعوەتتان دەکەین , ئەگەر سەیری دیدارەکان بکریت ژمارەیەکی باشی ئەو رەمزانە زۆریان پێ خۆش بوە بینە کوردستان و خزمەتی مەسەلەی ئەنفال و هەلەبجە بکەن و تەنانەت عەلی بەدرخان خۆی پیش منیش داوای کردبوو بیتە کوردستان فیلمیك دەربارەی مەسەلەی ئەنفال دەربهینیت , بەڵام هیچ ئاسان کاریکیان بۆ نەکردبوو , بۆیە منیش لە سەر قسەی ئەو بەریزە هەموویان دەعوەت کرد و پیم گووتن لە کاتیکی نزیکدا دەعوەتنامەیان پێ دەگات , بەڵام ئەو بەریزە بە وەعدەکەی خۆی نەکرد و منیش هەتا ئیستاش هەر خۆم لیشاردنەوە و پیم عەیب و بلیم ئیمە کورد دەتوانین وەعد بدەین و بەجیێ نەهینین . یاخود لە گەڵ هەلویستە پیچەوانەکانی ئەواندا بلیم ئەو کەسە کارەکەی بۆ نەکردن .

**لە2004-5-7**

**ئەم چاوپێکەوتنە ساز کراوە**

**لە ژمارە 225 رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانیدا بڵاوکراوەتەوە .**